بارزانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کۆبووەوە



لە درێژەی دیدار و کۆبوونەوەکانیدا لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن بەیانیی ئەمڕۆ شەممە، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ دیفید لامی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کۆبووەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم لە بەیاننامەیەکدا باویکردووە:"لە کۆبوونەوەکدا پەیوەندیەکانی بەریتانیا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان تاوتوێ کران، هەروەها باسیان لە چەنیەتیی بەهێزکردنی هاوکاریی لە بواری سیاسی، ئەمنی و ئابووریدا کرد".

نێچیرڤان بارزانی پێزانینی خۆی بۆ پشتگیریی بەردەوامی بەریتانیا لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەربڕی، بەتایبەتی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پەرەپێدانی دامەزراوە ئەمنیەکاندا، هەروەها جەختی لەسەر گرنگیی بەردەوامیی ئەم پشتگیریە کردەوە بۆ دەستبەرکردنی سەقامگیری لە ناوچەکەدا.

لای خۆیەوە دیفید لامی پابەندیی شانشینی یەکگرتووی بە بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە و ڕایگەیاند بەریتانیا لە پشتگیریکردنی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت، هەروەها ئاماژەی بە گرنگیی هەماهەنگیی هاوبەش لە پرسە هەرێمایەتیەکان و ووبووبوونەوەی ئاستەنگە ئەمنی و ئابووریەکان کرد.

هەڵبژاردنی پەرلەمان و هەواڵنێرە کانی پێکهێنانی حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان، دۆخی سووریا و پێشهاتە هەنووکەییەکانی ناوچەکە، لێگەڵ چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هاوبەش، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.